پێشمەرگە ئێپڕاسیۆنەکی کۆماکردنیان لە سنووری چیای خاخان ئەنجامدا



هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، ئێپڕاسیۆنەکی کۆماکردنیان لە سنووری چیای خاخان ئەنجامدا بۆ زیاتر دڵنیایی لە ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە.

بەپێی ڕاگەیاندراوەکی وەزارەتی پێشمەرگە، بەسەرپەرشتی عەمید سەباح پیرەت، فەرماندەی لیوای6ی پیادە و ، عەقید جەزا حوسێن جەگری فەرماندەی لیوا و فەوجەکانی(1 و2 و 3) و تەواوی ئەفسەرانی لیواکە، ئێپڕاسیۆنی کۆماکردنی لە سنووری چیای خاخان و گوندەکانیە(ئەمەرمەندان، دووشیوان، تەرەفە، تورکمان باغ، کارزەی خاخان) ئەنجامدا، کە سریەی کەماندەی بارەگای لیوای 6 ی پیادە و فەوجەکانیە(1و2و3) تێیدا بەشداربوون.

بەپێی ڕاگەیاندراوەکەی وەزارەتی پێشمەرگە، تەواوی ناوچەکە کۆماکرا، بۆ دڵنیایی زیاتر لە ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە و پاراستنی هاووڵاتیان لە هەڕەشەی تیرۆریستان.